# پیاو خۆشەویستی دەبەخشێت تا چێژی سێکسی وەربگرێت، بەڵام ئافرەت چێژی سێکسی دەبەخشێت تا خۆشەویستی وەربگرێت

## د.ڕێدار محەمەد ئەمین، پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان

دیداری: گوڵشاد عەلی...............

**د. ڕێدار محەمەد ئەمین پسپۆری نەخۆشیە دەروونیەکان، لەبارەی تەنگژەی دەروونی خێزانە لاوەکانو کێشەی سێکسیو ژیانی ژنو مێردایەتیو وەرسبوونی سێکسیو لادانو ساردی سێکسی دەدوێت.**



### هەرچەند داهاتوو نادیار بێت رادەی دڵە ڕاوکێی لاوان زۆرتر دەبێت

د. ڕێدار باسلەوەدەکات هەرگۆڕانکاریەکی گەورە، یان کتوپر دڵە راوکی دروستدەکات رادەی ئەو دڵە راوکێیەش زیاتر دەبێت، گەر داهاتووی ئەم شتە نادیار بوو کە لاو بیری لێدەکردەوە, هەروەها دەڵێت: «هاوسەرگیریش یەکیکە لەو پرۆسانەی دڵە راوکیییەکی زۆر دروستدەکات, وادیارە هۆکاری ئەمەش زۆرەو بەپێی شوێن وکات و کلتور و هۆکارەکانی تر دەگۆڕێت». بە لای د. ڕێدارەوە ئەم دڵەراوکییە وەك حاڵەتیکی ئاسایی لە هەموو کەسێك روو دەدات، بەڵام هەرچەند داهاتوو نادیاربیت راددەی دڵە راوکییەکە زیاتردەبێت، تا دەگاتە ئاستی نەخۆشی دڵەراوکێ, کەواتە دەتوانین بڵێین: دڵەراوکی زۆرترین حاڵەتە چاوەروان دەکرێت لە خیزانە لاوەکان رووبدات، لە وڵاتی ئێمەش ئەم دڵەراوکێیەش خۆی دەنوێنێت لە ترس لە دڵسۆزی هاوسەرەکەی. ئایا تا کۆتا ئەم خۆشەویستیە دەمێنێتەوە, ترس لەوەی خۆشەویستەکەی دڵی لێ پیسنەکات، بە گوزەرانی ئەو رازی بێت، ترس لەوەی نەتوانن لە داهاتوو وەك پێویست بژین..هتد. ئەمانە هەمووی ترسن، وەك دلەراوکێ لەم خێزانە گەنجانە رەنگدەدەنەوە، رەنگە ئاستەنگ وناخۆشی بژێوی ژیان و بوونی گرفتی بەردەوام زیاتر ئەمانە لاوان تووشی خەمۆکی بکات، ئەمە لە کاتیکدایە، کە هاوسەرگیریی وەك هۆکاریکی بەربەست و رێگر لەبەردەم نەخۆشیە دەروونیەکان دادەنریت.





### مانگی هەنگوین بووتە مانگی مۆتەکە

د. ڕێدار، باسی مانگی هەنگوینی هاوسەرداره لاوەکـان دەکـات و دەڵێت: «دیسانەوە هۆکاری ئەوە دەگەریتەوە بۆ دڵە راوکێ و خەمۆکی، چونکە بەداخەوە پرۆسەی هاوسەرگیریی لای ئیمە یەکیکە لە کارە سەختەکانی ژیان وماندوو بوونێکی زۆری دەوێـت بۆ گەیشتن پێی». لە بـارەی شەوی پەردەشەوە ئەو پزیشکە دەروونییە پێی وایە کە شەوی بە زاوابوونیش لووتکەی ئەم دڵە راوکێیەیە کە تێیدا پاکیزەیی کچ و پیاوەتی کوڕ تاقیدەکریتەوە! هەروەها دەڵێت: «نەبوونی رۆشنبیری سێکسی، یان رینمایی دروست و هەبوونی ئەم مەترسیانە وادەکات کە مانگی هەنگوین ببێتە مانگی مۆتەکە کە هاوسەرەکان رۆژ دوای رۆژ بژمیرن بۆ رزگاربوون لێی».

### بە رۆتینکردنی سێکس هۆکارێکی گرنگی وەرسی سێکسیە

د. ڕێـدار، پێی وایـە کاتێك سێکس ببێتە خەمی سەرەکی و هەموو ژیان داگیربکات، ئەوا بێگومان بێزاری بە دواوە دێت. بە لای ناوبراوەوە سێکسی دروست وا پێویستدەکات کە هەموو دەم هاوسەنگیەك لە نێوان داواکارییەکانی جەستە و دەروون هەبێت، هەروەك جەستە پێویستی بە خۆراکە و زۆر خواردنیش دەبێتە هۆی بێزراوبوونی خواردن تەنانەت رشانەوەش!!، هەمان شتێش بۆ سێکس راستە. زیاتر دەدوێت و دەڵێت: «وەرسی سێکسی بەوە پێناسە دەکریت، کە بریتیە لە کرداری بێزاربوون و تێربوون، یان بێزراوبوون لە سێکس». هەروەها دەڵێت: «وەرسیی کاتیك دروست دەبێت کە سەیری پرۆسەی جووتبوون ناکرێت وەك کردارێکی سۆزداری و جەستەیی، بەڵکو تەنها وەك کردارێکی جەستەیی رووت سەیر دەکرێت». هێما بۆ ئەوەشدەکات کە زۆربەی خێزانەکان نازانن چۆن ئەم کردارە ئەنجامبدەن پێیان وایە ئەمە تەنها کردارێکی رۆتینیە ودەبێت لە کۆتایی هەفتە ئەنجامبدرێت! بە لای ناوبراوە وە بە رۆتینکردنی سێکس هۆکارێکی گرنگی وەرسـی سێکسیە، جگە لەمەش نەبوونی ئامادەگی دەروونی ئەگەری وەرسی دروستدەکات هۆکاری ئەمەش وەك ناوبراو ئاماژەی پێدەدات زیاتر پیاوانن، کاتیك بێ هیچ ئامادەکیەك، یان زانینی فسیۆلۆژی ئافرەت(کەوا لە هەندیك باردا وەك کاتی سوڕی مانگانە) داوای ئەم کارەی لیدەکەن، جگە لە مانەش گرفتە بەردەوامەکانی ناو خێزان یان کۆمەڵگا، رقبوونەوە لە هاوسەر، یان رەگەزی بەرامبەر، هەبوونی ئەزموونی سێکسی تاڵ لە رابردوو هۆکاری ترن.

ئەمانە هەمووی ئەو هۆکارانەن، کە وا هاوسەرەکان بەرامبەر یەکترو خەڵکانی تریش تووشیان دێت، بەلام هەندێکجار هاوسەرەکان تەنها بەرامبەر یەکتری ئەم هەستەیان هەیەو بەرامبەر کەسانیتر ئاساییـن، وتیشی: «لەگرنگترین هۆکارەکانی ئەمەش هەوڵدانە بۆ وەرگرتنی چێژ لە دەرەوەی بازنەی خێزان، کەوا پێیان وایە ئەم کارانە رێنماییی یان هەوڵی هاندانیان دەکەن کەچی هۆکاری بێزاربوون و وەرسبوونن».

### تەنها ئافرەت قوربانی سێکسی ناوازەیە

دیـارە کاتیك مرۆڤ بە دوای ئارەزووکانی بکەوێت بەبێ کونترۆڵکردنی ئەقڵ وسـۆز، ئەوا بێزاریەك دروستدەبێت، بۆیە هەموو دەم بە دوای شێوازی نوێ دەگەرێت بۆ وەرگرتنی چێژ. بە پێی وتەی د. ڕێدار، کاندیدی بۆردی دەروونی لە نەخۆشخانەی هەولێری پزیشکی بەهۆی نەبوونی رۆشنبیری سێکسی دروست، یان بەهۆی ئاراستە کردنی لاو بە سێکسی ناوازە، ئەوا سێکس کردن لە رێگەی کۆم شێوازێکە بۆ وەرگرتنی چێژی زیاتر، یان قەرەبوونەوەی ئەو چیژەی جاران هەبووە، بێگومان ئەمە سەرەتاییەکە بۆ دروستبوونی ریگەی ناوازە، تا ئەو راددەیەی واز هێنان لە هاوسەر، یان مروڤ و رووکردنە ئاژەل، یان کەلووپەل! شتێکی ئاساییە ئەمە گرفت دروست بکات، چونکە تەنها ئافرەت قوربانی ئەم کردارەیە و نەك هەرتەنها ئازاری جەستەیی زۆر دەچیژێ و بریـنداری بکات، بەلکو ئەگەری ئەوە هەیە لە دوارۆژ تووشی گرفتی نەتوانینی راگرتنی کۆم یان خۆپیسکردنی بکات

### توندوتیژی سێکسی، ئەگەری تووشبوونی بەچەند نەخۆشیەکی دەروونی هەیە

لە بارەی توندوتیژیی سێکسی و (دەستدریژی سیکسی)ییەوە د. ڕێـدار دەڵێت: «توندوتیژیی سێکسی لەقسەی نارێكو دەستلێدانەوە، بگرە تائەتکردن (اغتصاب) دەگرێتەوە، کـەوا بەبێ رەزامەندی کەسەکە دەبێت، ئەمەش کاریگەریی زۆری دەروونـی لەسەر ئەم کەسە دروستدەکات، وەك هەستکردن بە نائارامی، گومانکردن لە هەموو کەسێك، گۆشەگیربوون جگە لەمانە ئەگەری تووشبوونی بەچەند نەخۆشیەکی دەروونـی هەیە وەك گووشاری دەروونی دوای زەبر، خەمۆکی، ترسو فۆبیا، دڵەراوکێ» بە بڕوای ئەو پزیشکە دەروونییە. ئەوەی گرفتی قوربانیانی توندوتیژی زیاد دەکات ئارەزوو نەکردنیانە بۆ باسکردنی رووداوەکـە لای کەس بەمەش تاوانەکە ئاشکرا نابێتو باری دەروونی ئەویش قورستر دەبێت».

### جیاوازی لە نێوان وەڕزی سێکسی و ساردی سێکسی هەیە

د. ڕێدار پێی وایە کە جیاوازی لە نێوان وەڕزی سێکسی ساردی سێکسی هەیە، لەو بارەیەوە دەڵێت: «پێویستە ئێمە دوو زاراوە لەیەکتر جیابکەینەوە، یەکەمیان(بیزاربوون، یان وەرسی سێکسی)کەوا هۆیەکەی دەروونیەو(ساردی سێکسی)کە دەکرێت هۆیەکەی دەروونی، یان جەستەیی بێت». هەروەها وتی: « لەیەکەمیاندا مرۆڤ هیچ ئارەزوویەکی سێکسی نیە، لەوانەیە ئەم بێزاربوونە تەنها بەرامبەر هاوسەرەکەی بێت و بەرامبەرکەسانیتر ئاسایی بێت، یان بەرامبەر هەموو کەسێك بێت، لە بارە توونده‌کەیشدا بێزراوبوون لە سێکس، بەڵام لە حاڵەتی ساردی سێکسی، رەنگە مرۆڤەکە ئارەزووی تەواوی هەبێت بۆ سێکس، بەڵام بەهۆی گرفتێکی جەستەیی یان دەروونی نەتوانێت ئەم کارە ئەنجام بدات». ئەو هۆکاری ساردی سێکسی بۆ کۆمەڵێ نەخۆشی دەگێڕێتەوە، بە وتەی ئەو لە هۆکارەکانی سـاردی سێکسی لە پـیـاوان، نەخۆشی شەکرە، نەخۆشیەکانی دەمـار، هەوکردنی جگەر، مەی خواردنەوە، بەکارهێنانی دەرمانی دژەخەمۆکی، کێشە دەروونیەکانی وەك خەمۆکی، فشاری دەروونی، دڵە ڕاوکی، شەرمکردن..هتد، لە ئافرەتانیش، هەوکردنی ئەندامی زاوزێ، بوونی ژان لە کاتی جووتبوون، یـادەوەری تاڵی منداڵی وەك دەستدرێژیکردنە سێکسیەکان، خەتەنەکردن، تێکچوونی هۆرمۆنەکان، بەکارهێنانی دەرمانەکانی وەك دژە سکپڕی ودژە خەمۆکی، گرفت وکێشەکانی خێزان...هتد، لەبەر ئەم هۆکارە زۆرانە بۆ ساردی سێکسی، کە هەندێکجار دەگاتە ڕادەی پەککەوتنی سێکسی، پێویستە سەردانی پزیشکی پسپۆر بکات بۆ دانانی ڕێوشوین و چارەسەری پێویست.



**وەرسیی کاتیك دروستدەبێت کە سەیری پرۆسەی جووتبوون ناکرێت وەك کردارێکی سۆزداریو جەستەیی، بەڵکو تەنها وەك کردارێکی جەستەیی رووت سەیردەکریت**

### وەرسی سێکسی پەیوەستە بە سەردەمی نوێی تەکنۆلۆژیاوە

بێزاربوون لە سێکس، یان وەرسی سێکسی دیاردەیەکە زیاتر پەیوەستە بە سەردەمی نوێی تەکنۆلۆژیاوە،کاتێك مرۆڤ لە بەها ڕۆحیەکان، دادەچـۆرێ وهەموو هەولێکی بو تێرکردنو چێژوەرگرتنی جەستەیە، سێکسیش پرۆسەیەکە پێویستی بە بەشداری ڕۆح وجەستە هەیە، بەبێ بەشداری سۆز وخۆشەویستی بێماناو بێگیانە، لەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆ کە جەستە و مێشك ئەوەندە جەنجاڵ و شەکەتن، ئەستەمە بتوانیت بۆشاییەك بۆ سێکسی دروست بهێڵیتەوە، جووتبوونێك کە هەر تەنها مەبەستی بەتاڵکردنەوەی ئارەزووکان نەبێت لە یەکتری، بەڵکو تێکەڵبوون وبەیەکەوەلکانی جەستەو ڕۆح بێت. دەبێت ژن ومێرد لەپاڵ ئارامیە جەستەییەکەدا، چاوەڕێی ئارامیەکی دەروونی لەیەکتر بکەن، بەڵام کاتێك جووتبوون، وەك کردارێکی جەستەیی ڕووت تەماشا دەکرێت مەبەست لێی بەتاڵکردنەوەی ئـارەزوو، یان بەرهەمهێنانی منداڵ بێت ودوور لە هەموو سۆزوخۆشەوستیەك، ئەوا ئەنجام بێزاربوون و وەڕی سێکسی لێدەکەوێتەوە، بێگومان جیاوازی لە نێوان ژن ومێرد هەیە لە تێڕوانینیان بۆ سێکس، چونکە پیاو خۆشەویستی دەبەخشێت تا چێژی سێکس وەربگرێت، بەڵام ئافرەت چێژی سێکسی دەبەخشێت تا خوشەویستی وەربگرێت، ئەمەش گرفتی ئافرەت زیاتر دەکـات، چونکە کاتێك لە سێکس بێبەش دەبێت، لە خۆشەویستی بێبەش دەبێت، هەڵپەکردنی بەردەوامی مرۆڤ بۆ تێرکردنی چێژەکانی جەستە، بەبێ گوێدانە چێژەکانی ڕۆح و تێنەگەیشتن لە چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ ئارەزووەکان (غەریزەکان)هۆکارێکی تری بێزاربوونە لە سێکس، بێگومان هەموو غەریزەیەك پێویستی بە تێربوونەوهەموو تێربوونێك چێژی لەگەڵە، بەڵام گەر ئەم غەریزەیە پەیوەست نەبێت بە ئەقڵ وهۆشی مرۆڤ وجڵەوی لەدەستدا، ئەوا، یان کۆتاییان پێدێت، یانیش لە جیاتی چێژ دەبنە ئازار، سێکسیش وەك غەریزەیەکی سروشتی لەم ڕێسایییە بەدەرنیە، بۆیە هەوڵدانی بەردەوام بۆ تێرکردن و تەرخانکردنی هەموو هزروخەیاڵ بۆ ئەم غەریزەیە بە ئازار یان بێزاربوون کۆتایی دێت.